نوێژ

# قوتابێتی - 2

## وانەی سیانزەهەم

ڕابەری گروپ: نوێژ بکە لەپێناوی تەرخانکردنی گروپەکەت و ئەم بەرنامەیەی ئامادەکردنی قوتابی بۆ خوداوەند.

## ستایش و پەرستن

### خودا تاقە خوداوەند و ڕزگارکارە

**بیرۆکەی سەرەکی:** خودای کتێبی پیرۆز تاقە خوداوەندی ڕاستەقینە و ڕزگارکارە.

**بخوێنە و ڕوونکردنەوە:** هەموو بڕگەیەکی کتێبی بخوێنەوە و ڕوونییکەوە ئەو بڕگانە بەسەر ئەندامانی گروپەکەتدا دابەش بکە تاکو لە کاتی پەرستندا بەکاری بهێنن.

1. (دەرچوون3: 14-15). خودای باو باپیرانمان بە (خوداوەند) ناو دەبرێت (بە زمانی عیبری: (ئەهیە) یان (یەهووا)). ئەم ناوەش واتەی (من هەم) یان (من ئەوم).
2. (دەرچوون20: 2-3). خودا لە هەموو مرۆڤێکی قەدەغە کردووە خوداوەندێکی تر جگە لەخۆی بپەرستن. خودا ئەو خوداوەندەیە کە لە کتێبی پیرۆزدا خۆی ڕاگەیاند. هەروەها تەنها ڕزگارکاری مرۆڤە لە بەندەیی پەرستنی گوناە.
3. (ئیشایا40: 18). خودا هاوشێوە و نموونەی نییە! ناکرێ خوداوەندی ئاینەکانی تر لەگەڵ خودا بەراورد بکەین!
4. (ئیشایا42: 8). خودا شکۆی خۆی هاوبەش ناکات (سیفەتی خودایی و ئامادەبوونی) لەگەڵ خوداوەندی ئاینەکانی تر.
5. (ئیشایا43: 10-11). خوداوەند (خودای کتێبی پیرۆز) تاقە خودای زیندووە. بەبێ ئەم خوداوەندە زیندووە **هیچ** ڕزگارکارێك نییە لە جیهاندا.
6. (ئیشایا44: 6-8). خوداوەند خۆی تاقە خودای زیندووی ڕاستەقینەیە، کە لە سەرەتاوە هەیە. خوداوەندێکی تر جگە لەو نییە. لەگەڵ ئەوەی زۆر ڕوحی پیس هەیە خۆیان بە خوداوەند ناوزەد دەکەن، بەڵام ناتوانن ڕووداوەکانی ڕابردوومان بۆ بگێڕنەوە، ناشتوانن پێشبینی ڕووداوەکانی ئایندە بکەن.
7. (ئیشایا45: 18-21). خوداوەند خۆی تاقە خودای زیندووی ڕاستەقینەیە و جگە لەو خوداوەندێکی تر نییە. خودا هیچ کاتێك بە شاراوەیی قسەناکات، بەڵکو بە درێژایی 1500 ساڵ بە هەمان پەیام بۆ نزیکەی 40 پێغەمبەر دوواوە! تەنها خۆشی پێشبینی ڕووداوە ئایندەییەکان دەکات پێش ڕوودانی بە ماوەیەکی زۆر.
8. (ئیشایا45: 21-23). جگە لە خودا خوداوەندێکی زیندووی تر نییە. بۆیە، سەرجەم خوداوەندەکانی ئاینەکانی تر خودای زیندوو و ڕاستەقینە نین! خوداوەندێکی ڕاستوودروست و ڕزگارکار جگە لە خودا نییە. بۆیە، سەرجەم خوداوەندەکانی ئاینەکانی تر ڕاستوودروست نین و ڕزگارکار نین. بەم شێوەیە، پێویستە لەسەر سەرجەم مرۆڤەکانی سەر ئەم زەوییە ئاوڕ لە خودا بدەنەوە تاوەکو ڕزگاریان بێت. لە کۆتاییشدا، بە درێژای مێژوو هەموو ئەژنۆیەك لەبەردەم خودا کڕنۆش دەبات (بەئارەزووی خۆی بێت یان نا). هەروەها هەموو مرۆڤێك دان دەنێت (بە ڕەزامەندی یان بە پەشیمانی) بەوەی کە ئەو خودایەی لە عیسای مەسیح خۆی ڕاگەیاند، تاقە خودای زیندوو و ڕاستەقینەیە (فیلیپی 2: 9–11).

**ستایش و پەرستن:** داوا لە ئەندامانی گروپەکەت بکە هەریەکەو ئایەتێ لە کتێبی پیرۆز بەکار بهێنێت بۆ ستایش و پەرستنی خودا. بە نۆرە خودا بپەرستن بەو پێییەی کە تاقە خودای زیندوو و ڕاستەقینە و تاکە ڕزگارکارە. خودا بپەرستن بەو پێیەی کە خوداوەند و ڕزگارکارێکی تایبەتە بۆ هەر یەك لە ئێوە. خودا بپەرستن وەك گرووپێکی گەورە، یان چەند گروپێکی بچووك کە هەر یەکەی لە 3 کەس پێکدێت.

## بەشداریکردن

### ئینجیلی یۆحەننا

بەنۆرە بەشداری بکەن (یان لە پەراوی خەڵوەتی ڕوحی تایبەت بە هەر یەکێك لە ئێوە) ئەو زانیارییانە بخوێنە کە لە یەکێك لە خەڵوەتە ڕوحییەکان یان لە ئەنجامی ورد بوونەوەت لەو برگە کتێبییانەی کە بۆتان ئامادە کراوە (مەتتا25: 14 - 28: 20) لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەشدارییەکان بەشێوەیەکی کورت بە پێی توانا. گوێ بگرن لە بەژداربوان، هەروەها بە هەواڵدەرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و پەسەندی بکەن، بەبێ ئەوەی گفتوگۆی زۆری لەسەر بکەن.

## فێرکردن

### بەرهەم هێنان: بەشداریکردنی پەیامی ئینجیل و تاقیکردنەوەی ڕزگار بوونت

لەم وانەیدا، تێگەیشتنی پەیامی ئینجیل فێردەبیت. پاشان، چۆنێتی بەشداریکردنی پەیامی ئینجیل فێردەبیت لەگەڵ کەسانیتر. هەروەها چۆنێتی بەشداریکردنی تاقیکردنەوەی تایبەتیت لەگەڵ کەسانیتر فێردەبیت.

### ئـ پەیامی ئینجیل

پەیامی ئینجیل پەیامی خودایە سەبارەت بە پلانی خودا و کێشەی مرۆڤ و چۆنێتی چارەسەری خودا بۆ کێشەی مرۆڤ. چارەسەری خودا بۆ کێشەی مرۆڤ عیسای مەسیحە، ئەو وەڵامدانەوەی کە خودا لە مرۆڤ داوای دەکات بۆ ئەوەی ڕزگاری بەدەست بێنێت باوەڕهێنانێتی بە عیسای مەسیحی خوداوەند.

**فێربکە:** یارمەتی قوتابییەکان بدە بۆ تێگەیشتن و دەرخکردنی ئەو نەخشەییەی کە (ڕێگای ژیان) ڕوون دەکاتەوە. پاشان، مەشقیان بدەرێ بۆ بەکارهێنانی ئەم نەخشە ڕوونکەرەوەیە لە کاتی بەشداریکردنی پەیامی ئینجیل لەگەڵ کەسانیتر.

**بخوێنە:** یەك لەدوای یەك برگە کتێبییەکان بخوێنن.

**بدۆزە و گفتوگۆبکە: ئـ)** ڕاستی پەیوەندیدار بە خودا. **ب)** ڕاستی پەیوەندیدار بە مرۆڤ. **پ)** ڕاستی پەیوەندیدار بە مەسیح. **ت)** ڕاستی پەیوەندیدار بە ڕزگاری. **ج)** ڕاستی پەیوەندیدار بە ژیانی نوێی باوەڕدار.

**1 پلانی خودا**

1. (ڕۆما1: 19-20) خودا خۆی ناساند، دەتوانی خودا بناسیت. 2. (1یۆحەننا1:5-6) خودا ڕووناکییە. ئەگەر دەتەوێ خودا بناسیت، پێویستە بێیتە لای ڕووناکی. 3. (1یۆحەننا4: 8) خودا خۆشەویستییە. ئەگەر ویستت خودا بە شێوەیەی تاقیکردنەوە بناسیت، خۆشەویستییەکەی قبوڵ بکە و کەسانیتریشت خۆش بوێت. 4. (پەیدابوون1: 27) خودا تۆی لەسەر وێنەی خۆی بەدی هێنا. 5. (ئیشایا43: 7) خودا دروستی کردووی بۆ ئەوەی بۆی بژی، نەك بۆ خۆت.

**2 کێشەی مرۆڤ (دۆخەکەی)**

6. (ئیشایا59: 1-2) گوناە لە خودا جیای کردیتەوە. 7. (ڕۆما1: 18، 28 – 32) گوناە تاوان و خراپیە. 8. (ڕۆما6: 23) کرێی گوناە مردنە. 9. (عیبرانییەکان9: 27) لە پاش مردن لێپرسینەوە دێت. 10. (ڕۆما3: 23) هەموو خەڵکی گوناهیان کردووە و ناتوانن بگەنە ئەو ئاستەی خودا شکۆدار بکەن.

**3 چارەسەری خودا بۆ کێشەی مرۆڤ مەسیحە**

11. (ڕۆما 5: 8) خودا خۆشەویستی خۆی لە ڕێگای مردنی عیسای مەسیحەوە بۆت دەرخست (بۆ ئەوەی لە گوناهەکانت خۆشبێت). 12. (1پەترۆس2: 24) مەسیح مرد بۆ ئەوەی کرێی گوناهەکەت بدات (بێتاوانت بکات). 13. (1پەترۆس3: 18) مەسیح مرد بۆ ئەوەی بۆ لای خودا بتهێنێت (لەگەڵ خودادا ئاشتت بکاتەوە). 14. (ڕۆما6: 4-5) مەسیح لە مردن هەستایەوە بۆ ئەوەی ژیانێکی نوێت پێببەخشێت (پیرۆزت بکات)، هەروەها بۆ ئەوەی لەپاش مردن هەڵتبسێنێتەوە (تاهەتا شکۆدارت بکات). 15. (ئەفسوس2: 8-9) کارە چاکەکانت ناتوانن ڕزگارت بکەن!

## 4 ئەو وەلامدانەوەیەی کە خودا لە تۆی دەوێ بۆ ئەوەی ڕزگاری بەدەست بێنیت باوەڕە

16. (یۆحەننا5: 24) هەر کەس گوێ لە مژدە بگرێت و باوەڕ بێنێت: ئـ) ژیانی تاهەتایی دەبێت! ب) لە ڕۆژی لێپرسینەوە سەرزەنشت ناکرێت! پ) لە مردنەوە گوازراوەتەوە بۆ ژیان! 17. (یۆحەننا1: 10-13) ئەوەی مەسیح قبوول بکات سەرلەنوێ لە دایك دەبێت و دەبێتە ڕۆڵەی خودا. 18. (ڕۆما10: 9-13) بە دڵت باوەڕ بێنەو لە ڕێگای نوێژەوە بە زمانت دانبنێ.

## 5 نوێژ




**ئەنجام: ژیانێکی نوێ بۆ باوەڕداری**

عیسای مەسیحی خوداوەند،

- ✓دان بەوەدا دەنێم کە من مرۆڤێکی گوناهکارم.
- ✓لە دڵەوە باوەڕم هەیە کە لە پێناوم مردی بۆ ئەوەی کرێی گوناهەکانم بدەیت، لە مردنیش هەستایتەوە بۆ ئەوەی ژیانی تاهەتایم بدەیتێ.
- ✓ئێستا بەناوی تۆوە نوێژ دەکەم و داواکارم لە دڵ و ژیانم نیشتەجێ بیت.
- ✓بە زمانم دان دەنێم بەوەی کە تۆ لەئێستاو بەسەرەوە خوداوەند و ڕزگارکەری منی. بەناوی عیساوە.. ئامین!

19. (یۆحەننا10: 27-28) لە مەودوا: ئـ) گوێبیستی وشەی خودا دەبی و دەکەویتە شوێنی عیسای مەسیح. ب) مەسیح دڵنییایت دەداتێ کە هیچ کەس ناتوانێت لە دەستی خۆی داتماڵێ. 20. (یۆحەننا10: 7-10) مەسیح ژیانێکی پڕت دەداتێ.

**فێربکە: واتای ووشە گرانەکان.**

**بۆ ئەوەی لە گوناهەکانت خۆش بێت:** تووڕەیی دادوەری خودا لەسەرت لابەرێت. مردنی عیسای مەسیح قوربانییەکی لێخۆشبوونە بە هۆیەوە خودا لە گوناهەکانت خۆشبێت (ڕۆما3: 25).

**بۆ ئەوەی بێتاوان بیت:** بێتاوانی ووشەیەکی یاساییە واتا مەسیح بێتاوانی خۆی لەبەردەم خەڵکی دەربخات. لەسەر خاچ عیسای مەسیح گوناهەکانمانی هەڵگرت و چاکەی خۆیی پێبەخشین (2کۆرنسۆس5: 21). لەبەر ئەوەی بووی بە کەسێکی ڕاستوودروست، واتا لە گوناهەکانت خۆشبوون و ببوی بە خاوەن پەیوەندییەکی باش لەگەڵ خودا. ئەمەش لەو ساتە ڕوودەدات کە باوەڕی پێبکەی. لەو ساتەو بەسەرەوە، خودا وەك کەسێکی ڕاستوودروست تەماشات دەکات و مامەڵەت لەگەڵدا دەکات.

**بۆ ئەوەی لەگەڵ خودا ئاشتت بکاتەوە:** واتا دوژمنایەتی لەنێوان تۆ و خودا نەهێڵێت و شێوازی ژیانت بگۆڕیت. لەو ساتەی کە باوەڕت هێنا، ئاشتی نێوان تۆ و خودا دروست بوو، دەشتوانی ئەم ئاشتییە بە مێشك و دڵت تاقی بکەیتەوە (ڕۆما5: 1، 9-10) (فیلیبی4: 7).

**بۆ ئەوەی پیرۆزت بکات:** واتا کەم کەم دەتگۆڕێت بۆ ئەوەی زیاتر شێوەت بچێتە سەر شێوەی عیسای مەسیح (2کۆرنسۆس3: 18). ئەمەیش پرۆسەیەکە بەبەردەوامی ژیانی مەسیحیتدا لەسەر زەوی بەردەوام دەبێت.

**بۆ ئەوەی شکۆدارت بکات:** واتا بتگۆڕێت تاکو هاوشێوەی عیسای مەسیح بیت (1یۆحەننا3: 2). ئەمەش گۆڕینی جەستەی ئێستاتە بۆ هاوشێوەی جەستە عیسای مەسیح شکۆدار (فیلیبی3: 21). ئەمەش لە هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح ڕوودەدات.

## ب) بەشداریکردنی پەیامی ئینجیل

1 ئەم پێشنیارە کردەییانە فێر بکە:

**ئـ) ئینجیل هەواڵی خۆشییە (مژدە)یە.**

✓ دەربارەی خۆشەویستی خودا و نیعمەتەکەی و خوداوەندییەکەی.

✓ دەربارەی مردنی عیسای مەسیح و هەستانەوەی و دانیشتنی لە لای ڕاستی خودای باوک.

✓ دەربارەی لێخۆشبوون و ڕزگاربوون و سەرکەوتن بۆ هەر کەسێك باوەڕ بێنێت.

**ب) بە پێنج هەنگاو بەشداری بکە بە پەیامی ئینجیل.**

کاتێك کە بە پەیامی ئینجیل ئامۆژگاری دەکەیت، یان فێر دەکەیت، یان بەشداری دەکەیت، یان ڕوونکردنەوە بکەیت، دەتوانی ئەم پێنج هەنگاوە بەکار بهێنیت:

1 پلانی خودا (خودا پیرۆز و خۆشەویستییە)

2 کێشەی مرۆڤ (گوناهـ و سەرزەنشت کردن)

3 چارەسەری خودا بۆ کێشەی مرۆڤ عیسای مەسیحە (مردن و هەستانەوەی)

گوناه

مرۆڤ — ڕێگا بەرەو خودا عیسای مەسیحە — خودا

4 ئەو وەڵامدانەوەیەی خودا لێتی داوا دەکات بۆ ئەوەی ڕزگاری بەدەست بێنیت باوەڕە (لەڕێگای نزاوە باوەڕ بە عیسای مەسیح بهێنە و قبوڵی

5 ئەنجام: ژیانی نوێ بۆ باوەڕداری مەسیحی (لێخۆشبوون و ژیانێکی بە مانا)

**پ) یارمەتی کەسێك بدە بۆ ئەوەی بەخۆی ڕاستی بدۆزێتەوە.**

بەشێوەیەك ئامۆژگاری یان فێر بکە کە یارمەتی کەسانیتر بدەیت بۆ ئەوەی خۆیان ڕاستی بدۆزنەوە.

1. هەندێك جار، بە پەیامی ئینجیل ئامۆژگاری خەڵکی بکە. ڕاستییەکانی ئینجیل بە ڕوونی ڕاڤە بکە.
2. هەندێك جار، وێنە ڕوونکەرەوەکە بکێشە (ڕێگای ژیان) و دەرفەت بدە بە بێ باوەڕەکان خۆیان ڕاستییەکانی ئینجیل بدۆزنەوە.

✓ داوا بکە لە بێ باوەڕەکان ئەو ئایەتانە بخوێننەوە لە کتێبی پیرۆز کە واتەی ڕاستەقینەی ئینجیل ڕوون دەکەنەوە.

✓ هانی بدە بۆ ئەوەی خۆی ڕاستییەکان لە کتێبی پیرۆز بدۆزێتەوە لە ڕێگای ئاراستەکرنی چەند پرسیارێك وەك:

ئـ) ئەم ئایەتانە دەربارەی خودا باسی چی دەکەن؟

ب) کاردانەوەکانی گوناهـ کردن چییە؟

پ) بۆچی پێویست بوو عیسای مەسیح بمرێت؟

ت) بەپێی ووشەکانی کتێبی پیرۆز، پێویستە چی بکەیت بۆ ئەوەی ڕزگاری بەدەست بێنین؟

ج) ئەرکەکانی باوەڕداری مەسیحی و تایبەتمەندییەکانی چین؟

✓ وێنەی ڕوونکەرەوەی (ڕێگای ژیان) بکێشە لە کاتی پرۆسەی دۆزینەوە و گفتوگۆکردن.

✓ لە کاتی وێنە کێشاندا، بڕگە کتێبییەکان و ووشە سەرەکییەکان بنووسەوە.

✓ لە کۆتاییدا، ئەو وێنە ڕوونکەرەوەی بدەرێ بۆ ئەوەی یارمەتی بدات بۆ وەبیرهێنانەوەی ئینجیل.

ت) داوا لەو کەسە بکە باوەڕ بە عیسای مەسیح بهێنێت.

لە پاش کێشانی وێنەی ڕوونکەرەوە (ڕێگای ژیان)، داوا لەو کەسە بکە باوەڕ بە عیسای مەسیح خوداوەند بێنێت، وەك ڕزگارکاری ژیانی، پادشا لەسەر سەیوانی دڵ و ژیانی. ئەگەر بریاری دا ڕێگای بدەرێ نوێژ بکات بۆ خودا.

ج) هەست ناسك بە بۆ ڕوحی خودا.

لە کاتی بەشداریکرنت بە ئینجیل لە دڵی خۆتەوە نوێژ بکە. لە یادت بێت کە لە خزمەتکارێکی خودا زیاتر نیت. خودا تەنها کەسە دەتوانێت ژیانی نوێ لە دڵی ئەو کەسە بخولقێنێت. بۆیە، هەستت ناسك بێت بۆ ئەو کارانەی خودا لە دڵ و ژیانی ئەو کەسە ئەنجامی دەدات.

**2** ڕاهێنان بکە لەسەر بەشداریکردنی ئینجیل.

ئـ) دابەش بکرێنە سەر گروپی دووانی، پاشان هەر دوو کەس بەشداربن لە کێشانی وێنەی ڕوونکەرەوە (ڕێگای ژیان) بە پشتبەستن بەو 20 ئایەتەی لە وێنەی ڕوونکەرەوە هاتووە.

ب) داوا لە هەر کەسێك بکە لەگەڵ هاوڕێکەی بەشدار بێت لە کێشانی وێنەی ڕوونکەرەوە (ڕێگای ژیان) بەپشتبەستن بە برگەی کتێبی (یۆحەننا10: 7-18) یان (ئەفەسۆس2: 1-10).

## پ) بەشداریکردنی تاقیکردنەوەی ڕزگاری

**1** تاقیکردنەوەی ڕزگاری پۆڵسی نێردراو

بخوێنە: (کردار26: 1-29).

بدۆزە و گفتووگۆبکە: چۆن پۆڵسی نێردراو بەشداری کرد بە تاقیکردنەوەی ڕزگاربوونی؟

تێبینییەکان: پۆڵسی نێردراو تاقیکردنەوەی ڕزگاربوونی دابەش دەکاتە چوار بەش:

I. پێشەکی (کردار26: 1-3).
II. ماوەی پێش باوەڕهێنانی (کردار26: 4-11).
III. ڕووداوی باوەڕهێنانی (کردار26: 12-18).
IV. ماوەی پاش باوەڕهێنانی (کردار26: 19-23).

I. پێشەکی (کردار26: 1-3). هەرچی کاتێك پۆڵسی نێردراو دەرفەتێك بدۆزێتەوە بۆ باسکردنی باوەڕی، باسی تاقیکردنەوەی ڕزگارکردنی دەکات. پێش هەموو شتێك پەیوەندییەکی دۆستانە لە نێوان خۆی و بیسەرانی دروست دەکات (2-3).

II. ماوەی پێش باوەڕهێنانی (کردار26: 4-11).

1. پۆڵس باسی ژیانی ڕابردووی خۆی دەکات تاکو یارمەتی بیسەرانی بدات بۆ ناسینەوەی بەشێوەیەکی باشتر (4-5).
2. پۆڵس ئاماژە بەچەند لایەنێکی ئەرێنی لە ژیانی ڕابردووی دەدات (فێرکردنە ئاست بەرزەکەی، پەرۆشە ئاینییەکەی).
3. پۆڵس ئاماژە بە هەندێك لایەنی نەرێنی لە ژیانی ڕابردووی دەدات (چەوسانەوەی بۆ باوەڕداران و کڵێسا).
4. پۆڵس باسی شتی بیسراو بۆ بیسەرانی دەکات، دەرئەنجام تامەزرۆی هەڵەوەریان دەکات (فەریسییەکان بایەخی زۆریان بە بابەتی هەستانەوە دەدا، پادشایش بایەخی بە دابونەریتی یەهودییەکان و مشتومڕەکانی نێوانیان دەدا). بەم شێوەیە، هانی بیسەرانی دەدا — کە پرسیاری هاوشێوە لە مێشکیان دەخولێتەوە — بۆ هێنانی سەرنجیان بەلای قسەکانیەوە بۆ ئەوەی بزانن چۆن وەڵامی دروستی بۆ ئەو پرسیارانە دەست کەوتووە.

### III. ماوەی پاش باوەڕهێنانی (کردار26: 19-23).

1. پۆڵس نێردراو باسی گۆڕانکارییە سەرەکییەکەی ژیانی دەکات (چەوسێنەری کڵێسەی مەسیحی بوو بە مژدەدەری کڵێسا). لە قسەکانیشی جەخت لەسەر ئەو شتە دەکاتەوە کە تایبەتمەندی بە ژیانی دەدا پێش باوەڕهێنانی، ئەوەی کە پاش باوەڕهێنانی گۆڕانی بەسەردا هات.
2. پۆڵسی نێردراو دان بەوەدا دەنێت کە هێشتا ڕووبەڕووی هەڵوێستی سەخت دەبێتەوە. بەڵام خودا لە بارودۆخە سەختەکانی یارمەتی دەدات.
3. پۆڵس نێردراو کتێبی پیرۆز بەکار دەهێنێت بەو پێیەی کە تاکە سەرچاوەیەتی (22).
4. پۆڵس نێردراو هەندێك لایەن لە ئینجیل دەخاتە سەر تاقیکردنەوەی ڕزگاربوونەکەی (عیسای مەسیح مردو هەستایەوە، مژدە بۆ هەموانە – جوولەکە و نەتەوەکانیتر، پێویستە هەموو کەسێك تۆبە بکات (باوەڕبێنێت) و بگەڕێتەوە بۆ خودا، پاشان پێویستە لەسەر هەر باوەڕدارێك ژیانی مەسیحی خۆی بە گوێڕایەڵی کردنی خودا بژێت و لەڕێگایەوە تۆبەتی خۆی بچەسپێنێت بە کارەکانی (23: 20).

### IV. ڕووداوی باوەڕهێنانی (کردار26: 12-18).

1. پۆڵس ناڵێت (وابزانم) (پێم وایە) (هەست دەکەم)، بەڵکو ڕووداوەکان بەتەواوەتی دەگێڕێتەوە کە بووە هۆی باوەڕهێنانی.
2. پۆڵس نێردراو بەڕوونی ئاشکرای دەکات کە بەدوای خودادا نەگەڕاوە، بەڵکو خودا خۆی بەدوایدا گەڕاوە و دۆزیوێتییەوە! هەروەها ڕوونی دەکاتەوە کە مەسیح خۆی بۆ ڕاگەیاند – نەك لەدوای ئەوەی کە ژیانی خاوێن کردەوە، بەڵکو لەو کاتەی کە ژیانی هێشتا شڵەژاو بوو.
3. پۆڵس نێردراو هەمان ئەو وشانە بەکار دەهێنێت کە عیسای مەسیحی خوداوەند لەگەڵیدا قسەی پێی کرد.
4. پۆڵس نێردراو بایەخ دەدات بەوەی کە چەندین لایەنی ئینجیل بخاتە تاقیکردنەوەی ڕزگاربوونەکەیەوە ﴿*تاکو چاویان بکەیتەوە، تاکو لە تاریکی بگەڕێنەوە بۆ ڕووناکی، لە دەسەڵاتی شەیتان بۆ خودا، ئەوسا لێخۆشبوونی گوناه وەربگرن و لەگەڵ ئەوانەی بە باوەڕیان بە من پیرۆزکراون بەشیان دەبێت*﴾ (18). ئەمە یارمەتی بیسەرانی دەکات کە ئەوانیش باوەڕیان بە عیسای مەسیح هەبێت کاتێك خۆیان ئەو ئارەزووەیان هەبێت.

### 2 گفتوگۆکردنی پاش تاقیکردنەوەی ڕزگاربوونی پۆڵسی نێردراو

ئـ) پۆڵس ڕێزی بۆ نەیارەکانی دەپارێزێت (کردار26: 24-25). سەرباری ئەوەی کە نەیارانیی کۆمەڵێ سووکایەتییان ئاراستەکرد، بەڵام ئەو ڕێزیانی پاراست. ب) پۆڵس هەوڵی ڕازیکردنی بیسەرانی دەدات (کردار26: 26-27). زۆربیان لێناکات باوەڕەکانی ئەو قبوول بکەن، هەڕەشەشیان لێناکات، بەڵکو دەیەوێ باوەڕیان پێبهێنێت بۆ ئەوەی ببنە قوتابی عیسای مەسیحی خوداوەند. پ) پۆڵس بەرنگارێك دەخاتە بەردەم بیسەرانی (کردار26: 28-29). بەرنگارێکی گەورە دەخاتە بەردەم بیسەرانی و هانیان دەدات بۆ ئەوەی ببنە قوتابی عیسای مەسیحی خوداوەند.

### 3 تاقیکردنەوەی ڕزگاربوونی تیمۆساوس

**بخوێنە:** (1تیمۆساوس1: 2) (2تیمۆساوس1: 5 ، 3: 10-15).

**فێربکە:** هەندێك کەس لە تەمەنێکی بچووکدا باوەڕ بە عیسای مەسیح دەهێنن – وەکو تیمۆساوس. بۆیە، ڕەنگە لە یادیان نەمێنێت چۆن باوەڕیان هێناوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەزانن کە بەهەموو دڵێکەوە لایەنگری ئەو بوونە. پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی هاوشێوەی (تیمۆساوس)ن تاقیکردنەوەی ڕزگاربوونەکەیان بەم شێوەیە بنووسنەوە: ئـ) بەشداری بکە بە ژیانی ڕابردووت (کورتەیەك لەبارەی باپیرانت، دایك و باوکت، ئەو ژینگەیەی تێیدا ژیاوی، ئەو شتانەی لەو بابەتەن). ب) بەشداری بکە بە چۆنیتی گۆڕینی تێڕوانینت بۆ عیسای مەسیح بەدرێژایی ساڵەکان، چۆن ژیانی تۆی گۆڕی. پ) بەشداری بکە بە لایەنە سەرەکییەکانی پەیامی ئینجیل بە پێی تێگەیشتنی ئێستات بۆیان.

4 ڕاهێنان بکە لەسەر تاقیکردنەوەی ڕزگاربوونت.

ئـ) تاقیکرنەوەی ڕزگاربوونت لەسەر کاغەزێك بنووسە (یان چەند کاغەزێك).

ب) تاقیکردنەوەی ڕزگاربوونت لەبەردەم ڕابەری گرووپەکەت بخوێنەوە، ڕێگای بدەرێ هەندێك پێشنیارت پێشکەش بکات.

پ) بەشداری بکە بە تاقیکردنەوەی ڕزگاربوونت لە گرویدا یان لە کلێسادا.

## نوێژی

### نوێژی وەڵامدانەوە لەگەڵ ووشەی

بەنۆرە نوێژی کورت بۆ خودا بەرزبکەنەوە بە شێوەیەك کە وەڵامدانەوەتان دەربخات سەبارەت بەو شتانەی کە ئەمڕۆ فێری بوون. یان گروپەکە دابەش بکە بۆ گروپی دووانی یان سیانی پاشان نوێژی کورت بۆ خودا بەرزبکەنەوە بە شێوەیەك کە وەڵامدانەوەکەت پێچەوانەی ئەو زانیارییانە بکات کە ئەمرۆ فێری بوون.

## ئەرکی ماڵی بۆ وانەی داهاتوو

ڕابەری گروپ: ئەم ئەرکەی خوارەوە بە نووسراوی بدە ئەندامانی گرووپەکەت، یان داوایان لێبکە لە پەڕاوەکانیان بینووسنەوە.

**بەڵێن:** بەڵێن بدە کە قوتابێتی بە کەسانیتر بکەیت بۆ عیسای مەسیح، تێبینی تایبەت بە (بەشداریکردنی پەیامی ئینجیل و بەشداریکردنی تاقیکردنەوەی ڕزگاربوون فێربکە لەگەڵ کەسانیتر.

**خەڵوەتی ڕوحی:** ڕۆژانە نیو بەش لە (یۆحەننا18: 28 - 21: 25) بخوێنەوە. شێوازی ڕاستی پەسەند کراو بەکار بهێنە. تێبینییەکانت بنووسە.

**وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیروز:** یەکەم وانەی کتێبی لە ماڵەوە ئامادە بکە (1کۆرنسۆس13: 1-13). ئایا جیاوازی خۆشەویستی مەسیحی چییە؟ پێنج هەنگاوی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنە. تێبینییەکانت بنووسە؟

**نوێژ:** لەم هەفتەیەدا بۆ شتێکی دیاریکراو یان بۆ کەسێکی دیاریکراو نوێژ بکە وپاشان چاوەڕوانی کاری خودا بکە (زەبووری5: 3).

**زانیارییە نوێکان بنووسەوە لە پەڕاوی** تایبەت بە قوتابێتی. تکایە تێبینی ستایش و پەرستن، هەروەها تێبینی فێرکارییەکان. و ئەرکەکانی ماڵی لە پەڕاوی تایبەتیت بنووسەوە.